نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان جێگیر بوو

نرخی نەوت لە سەرەتای مامەڵەکانی ڕۆژی چوارشەممەدا سەقامگیر بوو، دوای ئەوەی بە ماوەی سێ خولی یەک لە دوای یەک دابەزینی بەخێوە بینی، ئەوەش لەکاتێکدا ڕێککەوتنی بازرگانی ئەمریکا و ژاپۆن ئاماژەیە بە پێشکەوتن لەسەر باج و هاپرسیەک دەریخستووە کە هەفتەی هابردوو کەبوونەوەی نەوتی خاوی ئەمریکا دابەزیوە، ئەمەش ئاماژەیە بە بەهێزبوونی خواست.

ئەمڕۆ چوارشەممە، هاوکات نرخی بەرمیلێک نەوتی تێکساس بە ٦٥ دۆلار و ٥٦ سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.

ئەمەش لەکاتێکدایە، داتاکان دەریانخستووە کە پرۆسەسکردنی نەوتی خاو لە پاڵاوگەکانی چین لە مانگی حوزەیران بە رێژەی ٨.٥٪ لە چاو ساڵی رابردوودا بەرزبووەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بە زیادبوونی خواست لەسەر سووتەمەنی.